زانکۆی سەڵاحەددین
کۆلیژی زمان
بەشی کوردی
قۆناغی دووەم

# مێژووی زمانی کوردی

م.میدیا مراد

٢٠٢٣ـ٢٠٢٤

# زمانی سۆمەری

میللەتی سۆمەری لە هەزارەی چوارەمی پێش زاین لەسەر خاکێک لەنێوان دیجلە وفورات دا بەناوی سۆمەر ژیاون، هەندێ لێکۆڵینەوە دەریان خستووە لەسەر خاکی ئێرانی ئێستا لەباکووری گەیلان و مازندەرانەوە تا کەناری دورگەی فارس شوێن پێی ئەم میللەتەی پێوەیە وشەی لەیەکچوو هاوبەش لەنێوان زمانی سۆمەری و زمانی کوردی دا هەیە، وەک:

| زمانی سۆمەری | زمانی کوردی |
|---|---|
| گەل: مەزن ،فراوان | گەلێک/ گەلێ |
| شاور: خواوەندی شارە | شار |
| ئیگ/ ئیگی | ئێک/یەک |
| شوشا | شەش |
| نین: خواوەندی مێینە | نەنە: داپیرە |

# زمانی لۆلۆیی

لۆلۆییەکان نەتەوەیەک بوونە لە ڕیزە چیای زاگرۆس لە حەلوان (زەهاو) شارەزوور وسلێمانی نیشتەجێ بوونە لێکۆڵەران لەو باوەڕەدان کە فەرهەنگ و زاری لوڕی پاشماوەی فەرهەنگ و زمانی لۆلۆن. یەکێک لە بەڵگەکان شێواز و جۆری جل وبەرگی پاشا و خواوەندەکانیانە.

زمانی لۆلۆیی زمانی کوردی

بوم: زەوی بومەلەرزە، بەروبوم

بڵ: خواوەندی خۆشی و شادی/ سەرچاوەی ئاو بڵبەر: گوندێکە لە هەورەمان

بیڵۆ: سەرچاوەیەکی ئاوە

# زمانی کاسی

لە ئیلامەوە تا ئۆرارتویەکان شوێنەوار و شوێن پێی کاسییەکان لە نیوەی دووەمی هەزارەی پێش زاین، لە دەوری ڕۆژئاوایی نەجدی ئێرانەوە دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئەم میللەتە لە لوڕستانی ئێستا و هەمدان و قەزوین و کاشان و باشوورو دەوروبەری دەریای قەزوین جێگر بوونە توانیویانە بە زۆر بابل بگرنە دەست و ماوەی ٧٥ ساڵ دەسەڵات لە نێوان هەردوو ڕووبار بگرنەدەست.

| زمانی کاسی | زمانی کوردی |
| --- | --- |
| گیدا | کێخوا/ کدخوا |
| هویر | هۆز |
| سور | خۆر/ هۆر |
| سوریاش: خواوەندی کاسییەکانە | سەریاس: |
| گوندێکە لە هەورەمان | |
| | ئاسۆ، ئاگر، ئاتر، |
| ئاور،ئەهوار، ئایر | |

# زمانی سوبارتۆ

- نەتەوە و حوکمەتێک بوونە کە سنووری باشووریان لەگەڵ باکوری ڕۆژئاوای ئیلام و سنووری باکووریشیان کێوەکانی ئامارتوس بووە، نەتەوەکانی نائیری (ناهاری) لەم نەتەوەیە بوونە.میسرییەکان پێیان وتووە( ناهاری)، لەتەوراتدا بە ناونیشانی( ئارام ناهارام).
- دێی نیری هەورەمان و نەهرت شەمزینان پاشماوەی ئەوانن، لەکەرکوک و بوغاز پاشماوەی ئەوان دۆزراوەتەوە.
- بەخواوەندیهەتاویان وتووە هوار هەر بەم هۆیەوە پێیان وتراوە هوری/ خوری ، هۆر/ هەوار/ وەر/ خۆر زمانی کوردی دا یەک واتایان هەیە.

- زمانی سوبارتۆ
- هوار
- هوارداتا: بەخشش

زمانی کوردی

خۆر

خورماتوو، توزخورماتوو